نووسینی : باکووری

لە ئەرشیفی بیرەوەری‌یەکانم‌دا :

# هاریکاری نێوان تیپی مۆسیقای «مەولەوی» و «باواجی» لە ساڵانی پەنجاکاندا

بەهاری ساڵی ١٩٥٥ کە هێشتا قوتابی «خانەی مامۆستایانی باڵا ـ دار المعلمین العالیة» بووم لە بەغدا ، چوومە سەردانێکی برایەکم کە لە عەربەت بوو ، لە کۆمپانیایەکی بێگانە بۆ دروست‌کردنی ڕێگاوبانی ئەو ناوچەیە کاری دەکرد . هەر لەو سەفەرەم‌دا چوومە سلێمانی‌و سەردانی کاك «قادر دیلان»م کرد ، کە ئەوسا بەغداو ئیستگەی ڕادیۆی کوردی بەجێ هێشتبوو لە سلێمانی بەمووچەخۆر دامەزرابوو !

بۆ یەکەم جار کاك «قادر»م لە ئیستگەی کوردیدا ناسی . ئەو کاتەی کە لە گەڵ تیپی مۆسیقای بەشی کوردی بە (کلارنێت» لە ئاهەنگەکانماندا بەشداری دەکردو ، ماوەیەکیش سەرپەرشتی‌ی تیپەکەی دەکرد . .

لەو سەردانەی سلێمانیم‌دا کاك قادر منی بە چەند گەنجێکی دیکە ناساند ، کە لە گەڵیابوون‌و گوتی : ئەمەیشیان «ولیم یوحنا»یە . ئیتر لەوێ بۆ یەکەمین جار ، ئەو هونەرمەندەم ناسی‌و لە دوایشدا بووین بە خزم ! هەر ئەو ڕۆژەیش ، بە ڕێکەوت دیسان هونەرمەندێ بەرزی کورد کاك «حسن زیرەك» لە بەغداوە هاتبووە سلێمانی . . جا هەر بەم بۆنەیەوە براکەم هەموومانی «دەعوەت» کردە عەربەت‌و چەند گەنجێکی تریشمان لە گەڵدا هاتن ، بە دوو ئۆتۆمبێلی «جێب» چوینە عەربەت‌و ، هەر لەو خانووەشدا کە دابوویانە براکەم تانیوەشەوبووە ئاهەنگ‌و گۆرانی‌و مۆسیقا ، «حسن زیرەك»ی خواڵێخۆشبووش زیرەکانە دەیچریکاندو گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی بە نێو شاخ‌و دۆڵ‌و دەشتی ئەو دەورو بەرە بڵاو دەبۆوەو دەنگی دەدایەوە .

بۆ شەوی دوایی کاك «قادر دیلان» و «ولیم» پێ‌یان ڕاگەیاندم کەوا تیپێکی مۆسیقایان دامەزراندووە ، بە ناوی «مەولەوی» و داوایان لێ‌کردم کە لە ماڵی کاك «ولیم» ئامادەبم ، بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەواندا یەکتری بناسین ، ئیتر ئەو بە یەك گەیشتنە بووە هەلێکی باش بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەندامانی یەکەم تیپی مۆسیقالە کوردستاندا ، بە تێکرایی بە یەکتری ئاشنا بین‌و لە نزیکەوە یەك‌و دوو بناسین . . ئەو گەنجە خوێن گەرم‌و دڵ پڕ لە جۆشانەش ئەمانەن کە لە وێنەی ژمارە «١»دا دەرکەوتوون :

١ – کاك قادر دیلان – بەڕێوەبەری تیپی مۆسیقای مەولەوی ، دەست بۆ ئەو چەلۆیە درێژدەکا کە تازە کڕیبوویان بۆ تیپەکە .

٢ – کاك ولیم یوحنا : لە تەك دیلان دانیشتوەو خەریکی



بیرکردنەوەیە .

٣ – کاك ساجد : لە دیوەکەی تری «چەلۆ»کە دانیشتووە بەڵام بە داخەوە کە نازانم ئەم هونەرمەندە چی بەسەر هاتو ، هەر بە جاریٚ لە دونیای هونەر دوور کەوتەوە ، لە کاتی خۆیدا ناوە ناوە شمشال «نای» لیٚدەدا .

٤ – کاك حاتم سعید : لە تەك کاك «ساجدە»وەیە

٥ – کاك نجاة عبده : لە تەك کاك حاتم»ە وەیە.

٦ – کاك بهجت رشید سەعاتچیش . لە نێوەڕاستە .

٧ – کاك هادی صالح . لە پێشەوەیەو کەمانجەیەکی بەدەستەوە .

لە ساڵی ١٩٥٧ کە قوتابخانەم تەواوکردو لە شاری کۆیە بە مامۆستا دامەزرام ، هەر لە یەکەم مانگەوە قۆڵو بازووم لیٚ هەڵماڵی و چەند قوتابی یەکم لە قوتابخانەکەم – «ناوەندی کویسنجق» – هەڵبژاردو بوونە دۆستم « دۆستی هونەری ، جگە لەوەی کە قوتابیشم بوون» . ئەوەبوو ئیتر هەموو ڕۆژێك دوای دەوامی قوتابخانە ، کۆیانم دەکردەوەو ڕاهێنانو مەشقم پیٚ دەکردن ، تاوایان لیٚهات بوون بە هونەرمەندی ڕاستەقینەو بە دڵو بە گیان دەستیان نایە نێو دەستمو ئەو تیپە جوانە خنجیلانەمان پێك هێناو دروست کرد کە دواییش ناوم نا «تیپی مۆسیقای باواجی» ، بە ناوی چیای باواجی کە لە باکوری شاری کۆیەوە درێژبۆتەوە تاوەکو ڕۆژئاوای ، بە درێژایی مێژوو پارێزگاری لەو شارە دێرینە کردووە ، بەرامبەر بە هەڵپەو چاوچنۆکی دوژمنو ناحەزەکانی . .

هەر لەو ساڵەوە ، واتە لە پایزی ١٩٥٧دا لافاوێکی جگەربڕ بە ناو شەقامو کوچەو کۆڵانەکانی شاری سلێمانی دا بڵاوبووەوە ، زیانو زەرەرێکی زۆری بە دانیشتوانی شاوەکە گەیاندو ، چەند خانوو بەرەی ڕوخاندو ، بازارو دوکانی لەگەڵ شەپۆلەکانی دا ڕاماڵی ، چەندین منداڵو ئافرەتو پیرو لاوی خنکاندو بزرکرد .

ئەم لافاوە بووە مایەی خەمو پەژارەیەکی زۆر بۆ دانیشتوانی سەرتاسەری کوردستانی عیراق ، ئەدیبو شاعیرانی کورد هەریەکەیان بە جۆریٚ هەستی پڕ لە خەمی خۆیانیان خستە نێو قاڵبی شیعرو نووسینەوە «لافاو»ەکەی کامەران ڕۆژیٚ چەند جار لە ئیستگەی کوردی بڵاودەکرایەوەو ، لەگەڵ شیعرەکەیشدا مۆسیقایەکی جگەربڕ لیٚ دەدرا . . تیپی مۆسیقای مەولەویش چاکی مەردایەتی لیٚکرد بەلاداو ، مەردانە کەوتنە کۆکردنەوەی پارەو پیتاك بۆ لیٚقەوماوانی لافاوەکە ، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە چەند پەردەیەکی شانۆگەری و چەند پارچە مۆسقاو گۆرانی یەکیان لە شارەکانی کوردستانی عیراقدا پێشکەش کرد . .

ئەو تیپەی مەولەوی ڕووی لە هەر شارێك بکردایە بەوپەری گەرمی و جۆشو خرۆشەوە پێشوازی دەکراو ، خەڵکیش بە هەموو سەخاوەتێکەوە پارەو پیتاکیان دەبەخشی و بلیتی ئاهەنگەکانیان دەکڕی ، ئەو شارانەیش کە بۆی دەچوون ، هەرچی هونەرمەندو گۆرانی بێژی ئەو شارە هەبوون بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا دەکرد . . کە هاتنە هەولێر ، تەلەفۆنیان بۆمکردو ئاگاداریان کردم کە پاش دوو ڕۆژیتر دەگەنە کۆیە ، منیش خۆم ئامادەکردو ، خەڵکی شاریش زۆر بە پەرۆشەوەبوون تاوەکو لەگەڵ ئەندامانی تیپەکەدا بەیەك بگەنو بەشداری ئاهەنگەکانیان بکەن . ئیتر ئەوەبو لە شەوی ئاهەنگەکەی پیاوان دا لە کۆیە ، پیرو منداڵو ، دەولەمەندو فەقیر تێکرا لە هۆڵی قوتابخانەی زانستی سەرەتایی ئامادەبوونو خەڵکێکی زۆریش هەر لە دەرەوە ڕاوەستابوون ، چونکە لەژوورەوە جێگایان دەست نەکەوتبوو ، لەم ئاهەنگەدا گۆرانی ی «شاری کۆیە»م پێشکەش کرد ، کە شیعرەکەی هی



مامۆستا کەریم شارەزایەو خۆم ئامادەم کردبوو ، ئەمە جگە لە بەشداری کردنم لە گەڵ تیپەکەدا بە ئامێری «عود» . دوا بە دوای کۆتایی ئاهەنگەکە ، بۆ شەو لەیانەی فەرمانبەران دانیشتنێکی تایبەتیان سازکردو لەم ئاهەنگەدا هونەرمەندی «مەقام»ی ڕەسەنی کوردی ، خوالێخۆشبوو «سێوە»و خوالێخۆشبوو «ڕەشۆڵ»و هونەرمەندو شاعیری بەرز کاك محمد صالح دیلان «خوا تەمەنی درێژکا» ، هەروەها شاعیری میللی کۆیە «کاك عەونی»و گەلێ لە پیاوە ناودارەکانی ئەو شارە ئامادەبوون . . ئیتر ئەو شەوە هەر گۆرانی و مۆسیقابوو پێشکەش دەکراو ، هەر شیعربوو دەخوێندرایەوە ، بەم جۆرە ئاهەنگەکە تاوەکو کاتێکی درەنگی شەوی خایاند .

هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ، تیپەکەی ئێمە «باواجی» کە تارادەیەك جێ پێ‌ی خۆی کردبووەو لە مەیدانی هونەردا ڕەگی خۆی داکوتابوو ، بە هەوڵ‌و کۆشش‌و پشتگیری لێپرسراوانی شارو کۆڵ نەدانی گەنج‌و هونەر دۆستان توانیان چەند ئاهەنگێکی قەشەنگ پێشکەش بکەین کە جێگەی ڕەزامەندی خەڵکی شارەکەبوون . .

لە مانگی حوزەیرانی «١٩٥٨»دا ، لە بەغداوە تەلگرافێکم بۆ هات کە تیایدا کاك شەماڵ صائب دەڵێ :

«بەپەلە لە سلێمانی ئامادەبە ، بۆسازکردنی ئاهەنگێك ، پەیوەندی لە گەڵ قادر دیلان‌دا بکە – ئیمزا شەماڵ» .

ئەمەش دەقە عەرەبی‌یەکەیەتی :

«أحضر في السليمانية حالا لاحياء حفلة ، والمراجعة مع قادر ديلان – التوقيع شمال» .

ئەوەبوو بە دەنگ داواکاری‌یەکە چووم‌و ، بە پەلە گەیشتمە سلێمانی بۆ بەشداری‌کردنی ئەو ئاهەنگە گەورەی تیپی مۆسیقای مەولەوی ، کە لە هۆڵی وە یا ڕوونترین بڵێین لە سەر شانۆی کتێبخانەی گشتی‌ی ئەوسا ، پێش‌کەش بە جەماوەری شاری سلێمانی‌کرا ، شەماڵیش لە بەغداوە هاتبوو ، هەروەها گۆرانی بێژی بە تەمەن بچووکی ئەوسا «عمر ڕەزا»ش بەشداری‌کرد ، کە تازە گۆرانی «هاتم هاتم»ی لە ئێستگەدا بلاوکردبووەوە ، وێڕای ئەوانیش «ماری» خوشکم چالاکانە بەشداری ئاهەنگەکەی‌کرد ، هەر ئەو بەشداری کردنەی «ماری» خوشکم بوو ڕۆژنامەی «ژین»ی وورووژاندو وای‌کرد کە لە ژمارەی ئەو هەفتەیەدا باسی بەشداری کردنەکەی بکات ، بەم جۆرەی خوارەوە :

« . . . خوشکە ماری خمو لە شەوی ئاهەنگەکانی ژنانا . . لە گەڵ کاك شەماڵ گۆرانیەکانی ئەگێڕایەوە . . . سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشابوو . خۆزگەم چەند خوشکێکی واخۆی تەرخان بکردایە بۆ هونەری گۆرانی . چونکە تا ایستا لە کوردەواریدا کچ گۆرانی بە دەما نەهاتووە . .» . هەر دیسان ڕۆژنامەی ژین ، لە بارەی ئەو باسەدا نووسیویەتی‌و دەڵێ :

«ئەوا خوشکی ناوبراو ئەو هۆیانەی بە درۆ خستەوە . افەرین بۆ ازاییت ! خوشکە ماری . .»

پاش چەند مانگێك دیسان من‌و سێوەی خوالێخۆشبوو بانگ کراینەوە بۆ سلێمانی‌و لە ئاهەنگێکی‌تردا بەشداریمان کرد . ئەمجارەیان ئاهەنگەکە بریتی‌بوو لە دوو بەش ، مۆسیقاو گۆرانی ، ئینجا شانۆگەری ، لە پێشا ئاهەنگێکی مۆسیقای تیپی مەولەوی پێشکەش‌کرا ، لەپاشدان من بە ئاهەنگێکی گۆرانی‌و ، دوا بەدوای منیش کاکە «سێوە» کۆتایی بە بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە هێنا بە پێشکەش‌کردنی یەك دوو مەقام . لە

بەشی دووەمیشدا چیرۆکی تەمسیلی «البخیل»ی مۆلییر ، کە هونەرمەندی شانۆی کوردی ، خوالێخۆشبوو «رفیق چالاك» وەری گێرابووە سەر زمانی کوردی پێشکەش کرا ، بە هەقیقەت مامۆستا «رفیق چالاك» کە خۆی دەوری «بەخیلەکەی» وەر گرتبوو ، زۆر زۆر سەرکەوتوو بوو تیایداو بە ڕێکوپێکی دەورەکەی ئەنجام دەدا .

ئیتر لەوە بەدوا تیپی مەولەوی‌و باواجی گەلێ جار بەیەك دەگەیشتن‌و ، هەرجۆرە یارمەتی‌یەکی پێویست بوایە بۆ هەر دوو لا دریغیان نەدەکردو ، بە هەموو شێوەیەك هاریکاریمان لە گەڵ یەکتریدا دەکرد ، بە جۆری ئەو هاوکاری‌یە زۆر ئاشکراو دیاربوو . تەنانەت من لە سەرەتای فێرکردنی «ئەندامانی تیپەکەمان» لە هەندێ ئامێردا شارەزایی‌یەکی باشم نەبووو بۆم نەدەکرا هەندێ ئاوازیان پێ لێبدەم ، بۆ نموونە : من بە شمشاڵی ئاسن هەر ئاوازێك بوایە لێم دەداو چۆنم بویستایە ئاوا دەردەچوو ، بەڵام ئەو جۆرە شمشاڵە ، ئەو ئاوازانەی پێی لێ دەدرێن دیارن‌و چەسپاون‌و ناتوانی لە سنورێکی دیاری کراودا دەربچێ ، بەڵام کە «نای» قامیشیان کڕی ، ئەمەیان بەنیسبەت منەوە ئامێرێکی تازەبووو نەم دەزانی بەکاری بهێنم ، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕۆژێك چوومە سلێمانی‌و لە گەڵ مامۆستا «نەجاتی عبدە» دانیشتم تاوەکو فێری بەکارهێنانی ئەو ئامێرەش بووم ، ئینجا گەڕامەوە کۆیەو کاك «سەردار أحمد»م فێرکرد .

هەر بەم بۆنەیەشەوە دەڵێم یەکێك لە دیارترین چالاکی‌یەکانی تیپی باواجی کۆیە ئەوەبوو بەشداریی نمایشی وەرزشی‌ی قوتابخانەکانی شاری کۆیەی‌کرد ، کە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥٨دا لە گۆڕەپانی یاریگەی شاردا کرا ، لەو ئاهەنگەدا هەموو بەشدارانی یاری‌یەکان‌و قوتابی قوتابخانەکان لەسەر مۆسیقای «مارشی» باواجی بەڕێوە دەڕۆیشتن ، ئەویش لەو خۆپێشاندانەی کە پێش دەست‌پێکردنی یاری‌یەکان سازکرا . .



ئەم وێنەیەش کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە هی ئەو ڕۆژەیەو ، ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی کە لە وێنەکە دەرکەوتوون ئەم برایانەن :

١ – زاهیر ئەحمەد – بە کەمانچە .
٢ – ئیبراهیم فەرەجوڵلا – بە کەمانچە .
٣ – سەردار ئەحمەد – بە شمشاڵ .
٤ – باکووری – بە جومبوش
٥ – عەونی عەلی مەولوود – بە تەپڵ «ایقاع» .

هەروەها لە وێنەکەدا بەشێك لە یاری‌کەرو ، جەماوەری ئامادەبووی نمایشەکە دەرکەوتوون‌و دیارن .

لە کۆتایی ئەم بیرەوەری‌یانەمدا دەڵێم : خوشترین‌و بە جۆشترین ئاهەنگی هاوبەش لە نێوان تیپی مەولەوی‌و تیپی باواجی ، ئەو ئاهەنگەبوو کە ساڵی ١٩٦٢ لە هۆڵی «گەل» لە هەولێر پێشکەش‌کراو ئەندامانی هەردوو تیپەکە چالاکانە هاریکاریان تیایدا کردو ، من‌و «سیوە»ی هونەرمەندی نەمریش بەشداریمان تیایدا کرد ، کە ئاهەنگێك‌بوو هەرگیزاو هەرگیز لە بیر ناچێتەوە !

خوێنەری ئازیز ، وا ئەمجارەیش زنجیرەیەکی ترم لە بیرەوەری‌یەکانی خۆم لە ڕێگەی گۆڤاری «کاروان»ەوە ، بۆ نووسیتەوە ، هیوادارم توانیبێتم لەم ڕووەوە خزمەتێك بکەم‌و ، ئەرشیفی هونەری کوردیش دەوڵەمەندتر بکەم .